بەروار ٢٠٢٠/٣/١٧

**زانیاریەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و گونجاندن لە هیسن سەبارەت بە ڤایرۆسی کورونا :**

لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێك زانیاری و سەرچاوە دەکەین کە بتوانن زانیاری بەرفراوانتر و کارای لێوەربگرن .
لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ رێکخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO ) ئاماژەی بەوە کرد کە لە شاری ( هوهان ) لە چین کۆمەڵێك حاڵەتی هەوکردنی سیەکان بە هۆیەکی نادیار بەدیکراوە .
دوای چەند رۆژێکی کەم سەلمانێدرا کە هۆکارەکەی ڤایرۆسێکە تازەیە. ئەو نەخۆشیەی کە بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە بڵاودەبێتەوە ناوی ( کوڤید – ١٩ ) بە شێوەیەکی خێرا لە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە .

**بارودۆخەکە ئێستا چۆنە ؟**

پەیمانگای روبرت – کوخ ( RKI ) بە شێوەیەکی بەردەوام کاریگەری ئەم ڤایرۆسە بۆ سەر تەندروستی دانیشتوانی وولاتی ئەڵمانیا هەڵئەسەنگێنن، ئەم هەڵسەنگاندنە بە بەردەوامی لەم سایتەیا بڵاودەکرێتەوە.
https://www.rki.de/DE/Content/InfAZ/N/Neuartiges_Coronavirus/Risikobewertung.html;jsessionid=9766CE9E961256ECB36D5D17A325E8F4.internet062

حکومەتی هەرێمی هیسن ئەم بڕیارانەی خوارەوەی داوە :

- بۆ ئەوەی رێگا لە خێرا تەشەنەکردنی ئەم ڤایرۆسە بگیرێت وە کەسانی تر نەخرێنە مەترسیەوە، پێویست ئەکات نزیککردنەوە بە پێی توانا لەگەڵ کەسانی تردا کەم بکرێتەوە ( لەو هەمان کاتدا لەگەڵ دەوروبەری خێزانیدا ) .

لە رۆژی چوارشەممەوە بەرواری ٣/١٨ —وە هەموو دامەزراوەکان و شوێنە گشتیەکان کە بۆ ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان گرنگ نین دادەخرێن . تەنها کۆگاکانی خواردن و خواردنەوە ، دەرمانخانەکان ، سوپەرمارکێتەکان ، بانزینخانە ، بازاڕی کەرەستەی بینا ، وە بازاڕەکانی کەلوپەلی خاوێنی دەکرێنەوە.
چێشتخانەکان و شوێنە گشتیەکان لەدوای کاتژمێر ( ٦ ) ی ئێوارەوە دادەخرێن . شوێنەکانی وەرزش کردن ، کتێبخانەکان ، مۆزەخانەکان ، قوتابخانەکانی ( VHS ) دادەخرێن . زانیاری زیاتر لەم سایتەدا ئەدۆزرێتەوە : www.hessen.de/presse.

- لە ڕۆژی دوو شەممە بەرواری ٣/١٦ دوە تا ٤/١٩ هەموو دایەنگەکان و باخچەکانی منالآن لە هەرێمی هیسن دائەخرێن .

بۆ زانیاری سەبارەت بە حاڵەتە تایبەتەکان لەم سایتەدا ئەدۆزرێتەوە : www.soziales.hessen.de

- لە ڕۆژی دوو شەممەوە بەرواری ٣/١٦ تا ٤/١٩ هەموو خوێندنگاکان لە هەرێمی هیسن دائەخرێن.

بۆ زانیاری سەبارەت بە حاڵەتە تایبەتەکان لەم سایتەدا ئەدۆزرێتەوە :
www.soziales.hessen.de

**Hessisches Ministerium**
**für Soziales und Integration**



**<u>لە کویێ زانیاری گشتی زیاترم دەستبکەوێت سەبارەت بە ڤایرۆسی کورونا لە هیسن ؟</u>**

**زانیاریەکان سات بە سات لەسەر سایتی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و گونجاندن لە هیسن بڵاودەکرێتەوە.**

www.hessenlink.de/2019ncov

**بێجگە لەوەی کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و گونجاندن لە هیسن هۆتلاینێکی بۆ بەخشینی زانیاری بە هاوڵاتیان کردوەتەوە . ژمارەی تەلەفۆن ٠٨٠٠٥٥٥٤٦٦٦ کاتی وەڵامدانەوە لە ٨ بەیانی بۆ ٨ی ئێوارەیە**
**پرسیار کردن بە ئیمەیل :**

buergertelefon@stk.hessen.de

**لە هەمان کاتدا هاوڵاتیان ئەتوانن بۆ وەرگرتنی زانیاری پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارەکانی خۆیانەوە بکەن.**

**بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێگاکانی پەیوەندی کردن لەم سایتەدا ئەدۆزرێتەوە :**

/https://tools.rki.de/PLZTool

**<u>هەڵسەنگاندنی هەندێك ناوچەی توشبوو</u>** :

**پەیمانگای روبرت کوخ (RKI) هەڵئەستێت بە دیاری کرنی ئەو ناوچانەی کە ڤایرۆسەکە تیایدا بە زۆری تەشەنەی کردووە ، وە وا چاوەڕوان ئەکرێت کە ڤایرۆسەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوێزرێتەوە بە ڕەچاوکردنی چەند خاڵێك وەکو : ژمارەی توشبوان و خێرایی تەشەنەکردن .**

**زانیاریە سات بە ساتەکان لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی هاوڵاتیان :**

https://www.rki.de/DE/Content/InfAZ/N/Neuartiges_Coronavirus/Risikobewertung.html

**<u>چی ئەبێت ڕەچاو بکەیت لە حاڵەتی گەڕانەوەدا لە دەرەوەی وولات بۆ نمونە ئەگەر لە پشووەوە بگەڕێیتەوە؟</u>**

**ئەگەر لە یەکێك لەو ناوچانەوە گەڕایتەوە کە وەك ناوچەیەکی زیاتر تەشەنەی ڤایرۆسەکە دیاریکراوە، ئەوا ئەبێت زۆر بە ووردی ئاگاداری دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشیەکە لە خۆتا بکەیت وە پابەندبوون بە (کارانتینە) بۆ ماوەی (١٤) رۆژ لەم حاڵەتەدا بەباشی دەزانرێت .**

**ئەبێت چی بکەم بۆ ئەوەی خۆم لە ڤایرۆسەکە بپارێزم ؟**

**بۆ خۆپاراستن لە توشبوون بە ڤایرۆس ئەبێت هاولاتیان پابەندی ئەم ئامۆژگارییە تەندروستیانە بن :-**

- **دەستشتنی بەردەوام و راست ( هەروەها منالان و هەرزەکاران ) .**
- **بەکارهێنانی کلینێکس و فرێدانی بۆ ناو تەنەکەی خۆڵ دوای بەکارهێنان .**
- **دورکەوتنەوە لە تەوقەکردن، باوەشپیاداکردن و ماچکردنی سەر ڕوومەت .**
- **دەستبردن بۆ لووت و دەم و چاووت ( بە تایبەتی ئەگەر پێشتر دەستت دابوو لە بەشەکانی ناو پاس یان دەسکی دەرگا کە کەسانێکی تریش دەستیان لێوە دابێت و هەروەها لە ماڵەوەش ) .**
- **هاندی و تابلێت و جۆرەکانی تر بە بەردەوامی پاکبکەرەوەو بە دژە بەکتریا بیسڕە .**
- **تەنها پەرداخ و کەوچك و چەتاڵی تایبەت بە خۆت بەکاربهێنە .**
- **بیر لەوە بکەرەوە کە بە شوێنە قەرەباڵغەکاندا نەڕۆیت و نەچینە ناویانەوە .**

**چۆن هەڵسوکەوت بکەم ئەگەر نیشانەکانم تیا دەرکەوت ؟**

**ئەگەر هاووڵاتیان نیشانەکانی وەکو کۆکەو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش و هەناسە توندبوونیان لە خۆیانا بەدیکرد ئەبێت :-**

- **پەیوەندی تەلەفۆنی بە ژمارە ١١٦ — ١١٧ بکەن . ( ژمارە تەلەفۆنی پزیشکە ئامادە باشەکان )**
- **پەیوەندی تەلەفۆنی بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارەکەی خۆتەوە بکە .**
- **پەیوەندی تەلەفۆنی بە پزیشکی خێزانیەکەتەوە بکە .**

**ئەم لایەنانەی سەرەوە لەگەڵ هاوڵاتیانا نیشانەکان ڕوون ئەکەنەوەو ئەگەر شك لەوە بکرێت کە حاڵەتی ڤایرۆسی کرۆنایە ئەوا هەنگاوی تر بۆ پشکنین و چارەسەرکردن دەگیرێت .**

**زانیاری ووردتر بە زمانەکانی تر ئەتوانیت لەم سایتەوە وەربگریت:**

https://www.bundesgesundheitsministerium.de/coronavirus.html

**لەم کاتەدا زانیاری نادروست و هەڵە لە سۆشیال میدیاکانا بڵاوئەکرێنەوە. تکایە ئاگاداربەو زانیاریەکانت تەنها لەم سەرچاوانەی کە لێرەدا ناوبراون وەربگرە .**